| | | |
|---|---|---|
| 1 | بەڵێ. نەخێر. نازانم. تێ ناگەم. | ١ |
| 2 | ناوت چیە؟ دەتوانی بە ئینگلیزی بینوسی؟ | ٢ |
| 3 | تکایە ناونیشانت بنووسە. | ٣ |
| 4 | تەمەنت چەندە؟ | ٤ |
| 5 | دەتوانی ناو و ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی کەسێکمان پێ بدەی بۆ پێوەندی پێوە کردن؟ | ٥ |
| 6 | بەم زوانە یەکێك لەمانە فەحست دەکات [1]دکتۆر. [2]برین پێچ. | ٦ |
| 7 | ئایا هیچ حادیسەیەکت لێ رووداوە؟ کەی؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە) | ٧ |
| 8 | ئایا لە هۆش خۆت چووی؟ | ٨ |
| 9 | کەی نەخۆش کەوتی؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە) | ٩ |
| 10 | ئازارت هەیە؟ نیشان بدە لە کوێ. کەی دەستی پێ کرد؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە). | ١٠ |
| 11 | ئازاری لەشت لە چ ئاستێك دایە؟ ١ (ئازارت نیە) ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ (ئازاری بەردەوام) | ١١ |
| 12 | ئازارەکەت بەدەوامە یان دێت و دەڕوا؟ | ١٢ |
| 13 | ئایا هێچ خوێنت بەربووە؟ نیشان بدە لە کوێ. | ١٣ |
| 14 | کۆکەت هەیە؟ بە هیچ شتێ دەکۆکی؟<br>چ رەنگێ؟ سپی؟ زەرد و سەوز؟ سوور؟ قاوەیی؟ | ١٤ |
| 15 | ئایا تەنگەنەفەسیت؟ | ١٥ |
| 16 | ئایا ڕشایەوە؟ ئایا خوێن ڕشاویتەوە؟ | ١٦ |
| 17 | ئایا هیچ سك چوونت هەیە؟ | ١٧ |
| 18 | ئایا قەبزی (گیری)؟ | ١٨ |
| 19 | ئایا پیسایی رەشت کردووە؟ | ١٩ |
| 20 | پاژنەکانت دەئاوسێن؟ | ٢٠ |
| 21 | ئایا کێشت (وەزنت) کەم کردوە؟ | ٢١ |
| 22 | ئایا هیچ کێشەیەکت هەیە سەبارەت بە [1]بینین؟ [2]بیستن؟ [3]قووت دان؟ [4]پیاسە کردن؟ | ٢٢ |
| 23 | ئایا قەت عەمەلیات کراوی؟ نیشان بدە لە کوێ. | ٢٣ |
| 24 | کەی دوا کاتی بێ نوێژیت دەستی پێ کرد؟ (لەسەر ساڵنامە نیشانی بدە)<br>ئایا زگت هەیە (دووگیانی)؟ چەندە مانگە زگت هەیە؟<br>ئایا پێت وایە زگت هەیە (دووگیانیت)؟ ئایا دەتوانین فەحسێکی حەمل ئەنجام بدەین؟ | ٢٤ |
| 25 | ئایا جگەرە دەکێشی؟ چەند لە رۆژێکدا؟ | ٢٥ |
| 26 | ئایا [1]نەخۆشی شەکرت هەیە؟ [2]لەهۆش خۆ چوون؟ [3]تەنگەنەفەسی (سەرع یان فێ)؟ | ٢٦ |
| 27 | ئایا قەت تووشی [1]نەخۆشی دڵ بووی؟ [2]دڵ ئێشە؟ [3]زەغتی خوێن؟<br>[4]جەڵتە؟ [5]لێدانی دڵ؟ [6]زەردوویی؟ [7]نەخۆشی جگەرت هەبوە؟ | ٢٧ |
| 28 | ئایا حەساسیەتت هەیە بۆ هیچ دەرمانێ؟ پەنسلین؟ ئەسپرین؟ هیچ دەرمانێکی تر؟ | ٢٨ |
| 29 | ئایا ئێستا هیچ دەرمانێك دەخۆی؟ هیچ دەرمانێکت پێ یە؟<br>ئایا جۆرە دەرمانی تر یان چارەسەری سروشتی وەردەگریت؟ | ٢٩ |
| 30 | چەند حەبت خواردووە؟ | ٣٠ |
| 31 | ئایا دەرزی تیتا نووست لە کاتی خۆی لێ دراوە؟ | ٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| 32 | ٣٢ | ئایا لە دەرەوەی بەریتانیا ژیاوی؟ لە کوێ؟ کەی؟ |
| 33 | ٣٣ | من: [1]برینپێچم. [2]دکتۆرم. [3]موزەمیدم. [4]پارامێدیکم. [5]فەرمانبەری کۆمەلایەتیم. |
| 34 | ٣٤ | ئایا دەتوانم فەحست بکەم؟ بەلاتەوە گرنگ نیە ئەگەر پیاوێك فەحست [1]بکات؟ [2]یان ژنێك؟ |
| 35 | ٣٥ | ببورە، ئەوە رەنگە بێشێ. |
| 36 | ٣٦ | من دەمەوێ زەغتی خوێنت بگرم. |
| 37 | ٣٧ | من دەمەوێ گوێ لە سینگت ڕابگرم. |
| 38 | ٣٨ | من دەمەوێ دڵت فەحس بکەم. |
| 39 | ٣٩ | من دەمەوێ ناوەوەت فەحس بکەم؟ |
| 40 | ٤٠ | من دەمەوێ دەرزیت لێ بدەم. |
| 41 | ٤١ | من دەمەوێ ئەم بۆریە بکەمە ناوەوە؟ |
| 42 | ٤٢ | من دەمەوێ خوێنت لێ بگرم. |
| 43 | ٤٣ | من دەمەوێ ئەشیعەت وەربگرم. |
| 44 | ٤٤ | چەند تەقەلێکت بۆ لێدەدەم.<br>پێویستە لەم رۆژە دا بچیە لای دکتۆرەکەت بۆ ئەوەی تەقەلەکانت بکاتەوە (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە). |
| 45 | ٤٥ | ئەو شوێنەت لەجێ چوە یان شکاوە: [1]لاق. [2]پاژنە. [3]باسك. [4]جومگە. [5]شان. |
| 46 | ٤٦ | پێویستە ئەو شوێنەت لە گەچ بگیرێ: [1]لاق. [2]پاژنە. [3]باسك. [4]جومگە. |
| 47 | ٤٧ | پێویستە ئەمە (نیشان بدرێ) رابگری هەتا ئەو رۆژە (لەسەر ساڵنامە نیشانی بدە). |
| 48 | ٤٨ | تکایە میز بکە ئەم شووشەوە؟ |
| 49 | ٤٩ | هیچ شتێ مەخۆ و مەخۆرەوە. |
| 50 | ٥٠ | تۆ ئێستا دەتوانی هەڵستیتەوە. |
| 51 | ٥١ | تۆ دەبێ لە خەستەخانە بمێنیتەوە.<br>تکایە چاوەڕوان بە هەتا قەرەوێلەیەکی بەتاڵت بۆ ئامادە دەکرێ. |
| 52 | ٥٢ | دڵ نیگەران مەبە. هەموو شتێ باش دەبێ. |
| 53 | ٥٣ | دەتەوێ تاکسیت بۆ بانگ بکەم؟ |
| 54 | ٥٤ | ئەگەر یارمەتیت پێویست بوو ئەمە بەکار بهێنە. |
| 55 | ٥٥ | تکایە چاوەڕوان بە. تکایە وەرە ئێرە. دەتوانی بچیتە ماڵەوە. |
| 56 | ٥٦ | تکایە ئەگەر ئاستەنگی ترت هەبوو سەرمان لێ بدەوە. |
| 57 | ٥٧ | رێگەم بدە با ئەوەت بۆ دووپات بکەمەوە... |

## چەند پرسیارێك کە لە لایەن نەخۆشانەوە ئاراستە دەکرێن

| | | |
|---|---|---|
| 58 | ٥٨ | دەبێ چەندە چاوەڕوان بم؟ هەتا ١ سەعات هەتا ٢ سەعات هەتا ٣ سەعات هەتا ٤ سەعات |
| 59 | ٥٩ | ئایا کەسێك ناوم بانگ دەکات؟ |
| 60 | ٦٠ | تەلەفۆن لە کوێ یە، دەمەوێ تەلەفۆن بۆ خێزانم یان برادەرێکم بکەم؟ |
| 61 | ٦١ | بێ زەحمەت دەتوانی داوای تاکسیەکم بۆ بکەی بۆ ئەوەی بچمەوە ماڵ؟ |
| 62 | ٦٢ | ئایا تەندروستیم باشتر دەبێ؟ |